مەرزییە ....

حەوت ساڵە دەنگت مارشی بەرنامەی (شنەی بەیان)ە

ن: ئەحمەد محەمەد /کەلار

چ سەروەرییەکە لێبوردەیی لە خود ، خزمەت بە نیشتمان و خۆشەویستی لای خەڵك ، زۆر نین کەسێ ،کەمن خانەوادەیە لەڕێی ئازادی گەل و سەرفرازی نیشتمان گیان بازی لەگەڵ مەرگدا بکات ، تا خەباتی شاخ بوو هاوڕێی تفەنگ و لوتکە بووی ، کە هونەر بووە زەنگ بۆ شوناسی نەتەوە تۆ بویتە مارشی ژنی کورد و یەکەم سروودت چڕی ،هاوسەرەکەشت زایەڵەی داستانەکان و سەرجەم ڕاپەڕینەکان شاهیدی هونەری سروود چڕینین، دەنگێ بە بۆنی نیشتمان و خۆشەویستی و ئازادییەوە موتوتربە کرابێ ، ڕەزامەندی گەل ئامانجی بێت ، مەگەر گۆی زەوی گلۆر کەیتەوە بۆ ئەوپەڕی بوون ، ئەگینا ڕەوایی بەژیان دەبەخشێت و شیفا بۆ سەرەمەرگ دەهێنێ ، مەرزە لە نێو دڵی ئێمە ئۆقرە گرتوو ، هەمیشە زیندوو ، کێ باوەڕ بکات مەرگ هێندە بێ بەزەیی بێ ، دەستی بچێتە کۆچی تۆ ، تۆ وەرزێك بووی لەگوڵ ، دونیایەك بووی لە گۆرانی ، ڕەوەزێ بووی لە سروودی پێشمەرگە، چنارێ بووی لە نمایشی جلی کوردی ، تۆ مەرزییە دایکی میهرەبان ژنێ بووی پڕلە خەندە ، لێوان لێو لە خەمی نیشتمان ، فەرهەنگێ بووی یەك دێڕی(هێمن) ت کردبووە گۆرانی : هەتا چار شێوە بەسەر تۆوە دەبینم نازەنینی کورد بەسەر بیلبیلەی چاوی منا دەکشێ تەمێکی تر تۆ خەمت لە خەم جوانتر دەناسی ، هەر تۆ ڕۆحت بە بەرگی شیعردا دەکرد و دوا چۆڕی دەقت دەکردە گەڕوی گۆرانیدا و شاعیرت لە خۆ ڕازی دەکرد ، شەش پەپولەکەی (کاکەی فەلاحت) ت کردە پەیکەری تراژیدیا ، کەچۆن لە زیندانداا پێنج کۆرپەو هاوسەرەکەی ئەلاوێنێتەوە ،تۆ بە ئەمانەتەوە لە خەمی کورد و زیندانتەوە هێندە سۆز و ئەوەندە حەسرەتت ڕژاندە ئاوازەوە ئەستەمە من ، گرانە تۆ ، زەحمەتە گشت .... لە پرمەی گریان نەدەین !! ئەی پێم نالێی مەرزییە ! مەملەکەتی گۆرانی کوردی ، کۆستی گەورەی ژنانی کورد ، فرمێسکی ژێ ، کێ چوار پەپولەکەی تۆ بلاوێنێ ؟!

تۆ ئەی شاژنی کورد و گەورە هونەمەندی (سنە و سلێمانی) مەرزییەی دایکی هونەری گۆرانی ، بە مەرگت قەسەم ئاواز و سەداو کەڵکەڵەی عەشقی نیشتمان لە گۆرانییەکانتدا ، ڕۆچۆنێکی پڕ میهر و ڕاستگۆیانەت لە باڵیانی چاوەکانتدا ، ئاهو حەسرەتی درێژت لە ژێی دەنگتدا ، هەواڵی مەرگت هەزار جار گریاندمی ، بە مەرگە ناوادەت قەسەم پاروی دەستم بۆ دەم نەبرد ، کۆستت پەپوی خەوی تاراندم ، لەو مەغریبەی هەواڵی کۆچت ، زۆرم گووت : سەفەر مەکە با گۆرنییەکی ترمان پێکەوە هەبێ ، چەند بێوەفایە فەلەك بۆ هێندە غەداره ژیان ، کەی روسمە هەزاران عاشق و مەعشوقت بە دەنگت لاواند ، هەزاران سەری پڕ سەودای خۆشەویستیت لەسەر سنگی یەکدیدا پەلکێشی خەوی پڕ خەیاڵ و خەونی حەسرەت کرد ، کەچی نزولەیەك .. نوشتەیەك .. پاڕانەوەیەك .. ساتێکی نەخستەسەر تەمەنت ، تا ئەلبوومە نوێکەت بێ ناز وەك ناسر سێ جگەر گۆشەکەت پاش مەرگ نەبێ !!!

ئێستاش باوەڕ ناکەم بەشکو ئەم خودایە ئاهی عاشقانەیەك فریای کۆچی ناوادەت کەوتبێ ، بەڵام کوا کەی ڕۆحێکی فرپو گەڕاوەتەوە هێلانەی بەتاڵ !!

چەن (شنە) ت بۆ بە تایبەت کەم مەرزییە !! تا تاوێ ئاسوودەیی بە ڕۆحی خۆم و هاوڕێ و گوێگرانم ببەخشم ؟! تۆ هێشتا لەبەر دیدەو هەر وەرزێ بەڕەنگێکی جوانتر و بەجلێکی ڕەنگاڵەتر کۆنسێرت بۆ ئازیزانت دەسازێنی .. حەوت ساڵە دەنگت شوناسی بەرنامەی (شنەی بەیانە) ە ، کەچی هەموو ڕۆژێ لە هزر و عەشقی ئێمەدا هەر نۆێ دەبیتەوە ،مەرزە گیان : تەنیا یەك دێڕ لەگەڵما بدوێ ، چۆن مەرگت لە بیرکەم ، لە کاتێکدا لەگەڵ هەموو شنەیەکدا ، تۆ دەروازەمان بۆ والا دەکەی ،

لەیارەوە لەشۆخ وشەنگی پارەوە
لە ڕازی پڕ نیهانی لەگەڵ شنەی بەیانیا ....

یان ڕوخسەت دەدەی ئێمەش بێ تۆ کاروانە ماڵئاوا بکەین ؟! ئەگەر نا دەتۆ پێمان بڵێ چ بکەین ؟!!

.....

شنەی بەیان :
یەکەم بەرنامەی بەردەوامی ڕادیۆی دەنگی گەرمیانە ، لەماوەی دوانزە ساڵی ڕابردوودا ڕۆژانە پێشکەش دەکرێت .

لەبەر مافە سیاسییەکانی کورد

تابان شێخ عەبدوڵلا گەرمیانی

ئەمڕۆ لە هەموو دنیادا مەسەلەی ژن و ئازادییەکان بۆتە خاڵی گرنگ و پێوەری دیموکراسی بۆ هەر وولاتێك کە بانگەشە بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان دەکات لە پێش هەر هەمووشیانەوە ژن و ئازادییەکانی بەو جۆرەی کە لە دەستوور و یاساکانیدا چەسپابێت ، چونکە ژن لە زۆربەی وولاتاندا بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕۆژانە ڕووبەڕووی جیاوازی ڕەگەزی دەبێتەوە لە خێزانەوە تا دەگاتە سەر سەرجەم دەزگا و دامەزراوەکان، دیارە ڕێژە و جۆری چەوسانەوەی ژنانیش لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکی دی بە پێی نەتەوە و ئاین و مەزهەبەکان دەگۆڕێت .. گەر بێینەوە سەر وولاتانی ڕۆژهەلات ڕەنگە زۆربەی حاڵەتەکانی چەوساندنەوەی ژن لە هەموو نەتەوە و ئاین و مەزهەبەکاندا لەیەك بچن، چونکە ژن لە ناو نەتەوەکاندا بە پێی ڕۆشنبیری و داب و نەریتی ئەو نەتەوەیە دەچەوسێتەوە و لە ناو هەموو ئاین و مەزهەبێکیشدا جارێکی تر پلە دوو و زوڵم لێکراوە ، واتە هیچ ئاین و مەزهەبێك خزمەتی ڕەها و ڕەوای ژن ناکات.. ئەگەر بە تەنها لەسەر عیراقیش بدوێین وەکو ژنان ئومێدمان بەوە هەبوو زۆربەی مافەکانمان لە دەستوردا جێگیر بکرێت، بەڵام بەداخەوە جارێکی تر مافەکانی ئێمە بوونە قوربانی عەقڵیەتی مەزهەب و ئەوانەی بە ناوی دینەوە زوڵم لە ژن و ئازادییەکانی دەکەن . بۆ نموونە لە زۆربەی بڕگەکانی دەستوردا ڕستەکان بە زمانی نێرینە نووسراون و ناوەکان و ناونیشانەکان نێرینەن و تەنها لە مادەکانی ٢٠ و ١٨ و ١٤ دا ناوی ژن هاتووە، ئەمەش مانای وایە دەستوورەکە تەنها تایبەتە بە پیاو و خزمەتی ژنان ناکات، دیارە لە مادەی دووهەمدا و بڕگەکەکانی ئەم مادەیە لەگەڵ یەکتردا ناکۆکن، چونکە بە پێی ئەم مادەیە ئاینی ئیسلام ئاینی ڕەسمی دەوڵەتە بەڵام بە پێی حوکمەکانی بڕگەی "ب " لە هەمان مادەدا ناکرێت هیچ یاسایەك دابڕێژرێت کەلەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسی ناکۆك بێت، ئەمەش بوونی دوو پێوەری جیاواز دەگەیەنێت ، هەروەها بە پێی مادەی دووەم ژن لە عیراقدا لە ناو ئەو چوارچێوەیە دەمێنێتەوە کە هەزاران ساڵ پێش ئێستا خراوەتە ناوی ، ئەو مادانەش کە ژنان تەحەفوزیان لەسەر هەیە لە تێکڕایاندا دژی ماف و ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکانن ، لەوانە مادەکانی ٢ و ٣ و٤ و١٣ و ٢٩ و ٣٦ و٣٩ و ٤١ و ٤٣ و ١٣٧، هەریەك لەو مادانە لەگەڵ خواست و ئامانجە سەردەمییەکانی ژناندا دژن ، بۆ بەدواداچوونی ئەو مادانەی سەرەوە یەکێتیی ژنانی کوردستان وەك یاداشتێك لە دوای ڕاگەیاندنی ڕەشنووسی دەستوورەوە لە سەر ناوەڕۆکی یەك بە یەکی مادەکانی سەرەوە ڕاوەستا و پێشکەشی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراق-یشی کرد و تێیدا داوای گۆڕانکاریی لەو مادانەدا کردووە، بەڵام بەداخەوە گۆڕانکاری نەکرا، بۆیە ئێستا ژنانی کوردستان بە ناچاری چاوەڕوانن لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا مافە ڕەواکانیان بچەسپێت و بۆ دەستووری عیراقیش لەوانەیە تەنها لەبەر مافە سیاسییەکانی کورد بە بەڵێ دەنگ بدەن.

taban_ab@yahoo.com

کوردستانێکم ناوێ کە ٢ ژن = بە ١ پیاو بێت

سروە جەوهەر

ژن تکایە دەستور ڕەت کەنەوە ئەگەر.... حیکمەت لەبوونی دەستور ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و یاساییەکانە لایەك لەلایەکی تریشەوە ڕێکخستنی ژیانی تاکەکانی دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ ئەوەی بەپێی مادەی یاسای و دەستوری لە ولاتێکی فرە نەتەوەو مەزهەب وەکو لەعیراق دەبینرێت، ڕێك بخرێت و بونیادی ژیان تێدا دروست و تۆکمە بکرێت، بەڵام ئەوەی لە ڕەشنووسی دەستوری هەمیشەی عیراق دەبینرێت، تەواو پێچەوانەی ئەو خەسڵەتانەیە کە دەستوری لەسەر بونیاد دەنرێت، ئەوەندەی دەستورێکە موجامەلەو ئیزدیواجیەت و دوفاقی تێدا جێی گرتۆتەوە ئەوەندە هۆکارێك نییە بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوان تاکەکان، ڕەنگە ئێمەی کورد وەك نەتەوە، بە هەوڵ و کۆششی سەرکردایەتی سیاسی کورد، توانرا بیت بەشێکی باشی ئەو مافانە بەدەست هاتبن کە کورد خۆی دەیەوێت، هەروەك وەفدی کوردستانیش ڕایانگەیاند، ئەوەی بەدەست هاتووە هەموو ئەو مافانە نییە کە کورد خۆی گەرەکیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا من پێمایە قۆناغە لەمە زیاتر بەدەستی ناهێنرێت، بەهوی ئەو هاوکێشە سیاسی و هەرێمایەتیەی کە عیراق پێدا تێپەر دەبێت .

کاتێ دەمانەوێت قسە لەسەر پرەنسیپە گشتییەکان بکەین لەرەشنووسی دەستوردا، ئەوا بەشێکی ئەو مافانە تەنها بۆ ڕازی کردنی لایەنەکان تردانراوە کە بەشێکیان تەواو پێچەوانەو دژبەیەکن، بۆ نمونە مادەی(٢) لەسێ بڕگە پێکدێت کە پێچەوانەی یەکترن :

أ/ نابێ یاسایەك دابنرێت ناکۆك بێت لەگەڵ فرمانە سەوابتەکانی ئیسلام .

ب/ نابێ یاسایەك دابنرێت ناکۆك بێت لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسی .

ج/ نابێ یاسایەك دابنرێت دژی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی بێت لەم دەستوردا، کاتێك خوێندنەوەیەك بۆ ئەم ماددەیە دەکەیت تووشی سەرسووڕمان دەبێت فرمانە چەسپاوەکانی ئاینی ئیسلام بریتییە لەوەی ژنان دەبێ نیوەی پیاو بن، واتە دوو ژن بریتیە لە یەك پیاو لە میراتدا، لە شایەتیداندا لە بارەی زەواجیش پیاو بۆی هەیە تا چوار ژن بهێنێ واتە ٤ عیراقییەکان ئازادن بە پێی بیرو باوەڕ، باشە گریمان من کەسێکی لا دینیم وبەپێی بیروباوەڕی لا دینی خۆم مامەڵە دەکەم ؟ ئەمە چۆن لێك دەدرێتەوە ئایا ئازادی تەنها وەك وشەو بۆ جوانکردنی سیمایی دەستوورەکە بەکارهاتووە ؟ ئەگەر وا نییە ئەو هەموو ناکۆکی ودژ بەیەکییە بۆ چی ولەپای چی ؟

ژن = بە ١ پیاو، بنەما دیموکراتییەکانیش کە لە (ب)ی ماددەی (٢)دا هاتووە، واتە یەکسانکردنی ژنان و پیاو لە ئەرك و مافدا لە بەرامبەر یاسا، واتە ئەوەی لە بڕگەی (ا)هاتوە تەواو پێچەوانەیە، چونکە لە ئایندا ژن بە کەم عەقل سەیر کراوە وشتی لە بیر دەچێتەوە وبێهۆشە بۆیە لە دادگا لە شایەتیداندا دوو ژن = بە یەك پیاو بۆ ئەوەی ئەگەر ژنی بێ عەقڵ لە بیری چووە باسی ڕووداوەکە بکات ژنەکەی تر بیری بخاتەوە و بۆی تەواوبکات !!

من پیمایە ئەگەر پرسیارمان لێ بکرێت کە ئایا ماف و خواستەکانی ژنان تا چەند لەدەستووردا بەدی هاتووە، ئەوا وەڵامەکەی بۆ خۆی مەتەڵێکە وئاشکرا نییە، چونکە دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری مافەکانمان چەسپاوە لەدەستووردا ئەگەر سەیری بڕگەی (ب) بکەین، بەهەمان شێوە دەتوانین بڵێین خەباتی ژنان سەری نەگرت وپێویستە لە ئەلفەوە دەستی پێبکەین ئەمەشیان بەپێی بڕگەی (أ) . ماددەیەکی تر کە زۆر سەیرەو هەرگیز لەیاسا ناچێت ماددەی (٣٩)یە کە دەڵێت: (عیراقییەکان ئازادن بە پابەند بونیانەوە لەباری کەسایەتیدا بەگوێرەی مەزهەب یان بیروباوەڕ یان ئەوەی هەڵیدەبژێرن)،واتە ئەگەر مەزهەبی حەنەفی بۆ نموونە ڕێگەی پێت نەدا دوو ژن بهێنی ئەوا مەزهەبەکەی خۆت بگۆڕە بۆ شافیعی وپیرۆزی دەکەیت !، یان لەماددەی (٢)پێمان دەڵێت نابێ هیچ یاسایەك لەگەڵ سەوابەتی ئیسلامی ناکۆك ودژ بەیەك بێت، لە ماددە(٣٩)دا پێمان دەڵێت یەکدیدا پەلکێشی خەوی پڕ خەیاڵ و خەونی حەسرەت کرد ، کەچی نزولەیەك .. نوشتەیەك .. پاڕانەوەیەك .. ساتێکی نەخستەسەر تەمەنت ، تا ئەلبوومە نوێکەت بێ ناز وەك ناسر سێ جگەر گۆشەکەت پاش مەرگ نەبێ !!!

ئێستاش باوەڕ ناکەم بەشکو ئەم خودایە ئاهی عاشقانەیەك فریای کۆچی ناوادەت کەوتبێ ، بەڵام کوا کەی ڕۆحێکی فرپو گەڕاوەتەوە هێلانەی بەتاڵ !!

چەن (شنە) ت بۆ بە تایبەت کەم مەرزییە !! تا تاوێ ئاسوودەیی بە ڕۆحی خۆم و هاوڕێ و گوێگرانم ببەخشم ؟! تۆ هێشتا لەبەر دیدەو هەر وەرزێ بەڕەنگێکی جوانتر و بەجلێکی ڕەنگاڵەتر کۆنسێرت بۆ ئازیزانت دەسازێنی .. حەوت ساڵە دەنگت شوناسی بەرنامەی (شنەی بەیانە) ە ، کەچی هەموو ڕۆژێ لە هزر و عەشقی ئێمەدا هەر نۆێ دەبیتەوە ،مەرزە گیان : تەنیا یەك دێڕ لەگەڵما بدوێ ، چۆن مەرگت لە بیرکەم ، لە کاتێکدا لەگەڵ هەموو شنەیەکدا ، تۆ دەروازەمان بۆ والا دەکەی ،

لەیارەوە لەشۆخ وشەنگی پارەوە
لە ڕازی پڕ نیهانی لەگەڵ شنەی بەیانیا ....

یان ڕوخسەت دەدەی ئێمەش بێ تۆ کاروانە ماڵئاوا بکەین ؟! ئەگەر نا دەتۆ پێمان بڵێ چ بکەین ؟!!

.....

شنەی بەیان :
یەکەم بەرنامەی بەردەوامی ڕادیۆی دەنگی گەرمیانە ، لەماوەی دوانزە ساڵی ڕابردوودا ڕۆژانە پێشکەش دەکرێت .

نامەی شەشەم

دەستوور و ژن ، ژن و دەستوور

ئەزموونەکانی ژیان فێریان کردووم ئەو مافەی خۆم هەوڵم بۆ نەدامێ یان دەستم نەکەوتووە ، یان ئەگەر لەلایەن کەسێکی ترەوە بۆم بڕدرابێتەوە یان سەندرابێت نەتامی هەبووە ، نەبەتەواوەتیش پێم دراوە ، بێگومان مەبەستم لە وشەی (کەسێکی تر) لێرەدا (پیاو)ە.. باوەڕی تەواوم وایە پیاو نیە لە سەر گۆی زەمین پێی خۆش بێت یان لە خۆڕا مافێك ببەخشێتە ژن ، ئەگەر بیشیبەخشێت بە تەواوەتی نایبەخشێت ، هەڵبەتە هەرگیز حەز ناکەم وا بە ڕەها قسە بکەم ، بەڵام ئەو وەختەی دەقی دەستووری هەمیشەیی عێراقم خوێندەوە سەرسام بووم ، ماڵی زل و دێی وێران ، دەستوورێ کی دوور و درێژ تەنها یەك خاڵ لە کۆتاییەکەیەوە باس لە ژن دەکات ، خۆزگە هەر باسی نەکردبا ، لەو ماڵە زلەی بۆمانی بینا ئەکەن لە عیراقدا دێیەکی وێرانیشیان بە بوونەوەرێکی مەزن ڕەوانەبینیوە ، سەرم سوڕما لەو هەموو زوڵم و جەورەی ئەکەوێتە سەر ژنی نەگبەت لە دووتوێی دەستوورێکی لەو جۆرە ، دەستوورێك هیچ تروسکاییەکی تیا نابینم سەبارەت بە جێگای ژن لە ناو کۆمەڵگای عیراقدا ، دەقی دەستوورەکە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا مامەڵە لەگەڵ ژندا وەك دەخیل دەکات ، وەك ئەوەی ژن بوونەوەرێك بێت لە کەوکەبێکی ترەوە هاتبێت و داوای مافێکی زیاد بکات..

هەڵبەتە هەر دەقێکی یاسایی یان دەستوورێکی لەو جۆرە کە قابیلی تەئویل بوو واتا بە کوردیەکەی (هێنان و بردن و ئەمدیو و ئەودیو کردن و ڕەخنە گرتنی هەڵگرت) ئەوا دەق یان دەستوورێکی بێ هێزە ، دەستوور ئەو دۆکومێنتەیە نابێت بە هیچ شێوەیەك هیچ کەلەبەرێکی تیا بێت ببێتە هۆی بێ هێزی..

لە دەستوورەکەدا هەر لە خاڵی یەکەمەوە کە دەڵێت (ئیسلام ئاینی ڕەسمی دەوڵەتە) هەر ئەو خاڵە بۆ خۆی بنەمایەکی فشەڵ و بێ هێزی بۆ هەموو دەستوورەکە دارشتووە ، چونکە ئەگەر بێری لێبکەینەوە دەوڵەت چیە؟ دەوڵەت مرۆڤنیە ، واتا شتێکی بیراو و هەستپێکراو نیە ، نە ڕەنگی هەیە نە قەبارە و نە قورسایی ، ئیدی دەوڵەت شتێك یان بوونەوەرێك نیە ڕەگەزی هەبێت ، وشەی دەوڵەت مانایەکی گریمانکراوی هەیە وشەیەکی خەملێنراوە ئاماژە بۆ ئەو کۆمەڵە کەسەی دەوڵەت ئەبەن بەڕێوە و دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست دەکات ، کەواتە شتێکی مەلووس نیە پێی بوترێت دەوڵەت ، دەوڵەت گیان لەبەر نیە ئایینی هەبێت ، دەوڵەت کۆمەڵێك ئادەمیزاد دروستی ئەکەن بە کورد و عەرەب و سونە و شیعە و تورکمان و مەسیحی و یەهوودی و کلدانی و ئاشووری و ..هتد ، کەواتە دەوڵەت تەنها بەدەستی ئیسلامەوە نابێت ، دەنا بەو مانایە پێ ئەنرێ لە هەموو ئینتیما ئایینیەکانی تر لە عیراقدا ، پاشان هەر بەوەوە ناوەستێت ئەوەتا لە خاڵ یەکەمی مادەی دووەم ئەڵێ : ئایینی ئیسلام سەرچاوەیەکی بنەڕەتە بۆ یاسادانان ، و لەدوای ئیسلامەوە ناوی هیچ سەرچاوەیەکی تری نەبردووە چونکە بە پێی ئایینی ئیسلام باوەڕی بە هیچ سەرچاوەیەکی تر نیە ، و لە خاڵ (أ) لە مادەی دووهەم ئەڵێ : نابێت هیچ یاسایەك داڕێژرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام ، ئیتر هەر ئەو خاڵە قورێکی خەستە و کراوە بەسەر ژندا و کۆتێکە هەر چوار پەلی پێ ئەبەسترێتەوە..

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بیڵێم ئەگەر ژنەکانی ناو پەرلەمانی عیراق شایستەی ئەو پلە و پایە بوونایە و ڕێزیان بۆ ڕەگەزەکەی خۆیان هەبوایە و ، ڕەگەزەکەیان وەك ژن و وەك مرۆڤ بخستابایە سەروو ئەرك و ئینتیما حیزبایەتیەکانیانەوە ئەوا هەر نەبێ ئەیانتوانی شەڕی ماف بکەن و هەر نەبوایە پیاو ڕێزی لێمان ئەگرت لە عیراقی نوێی بەناو دیموکراتدا.

بەداخەوە ئەیڵێم ئەو دەستوورە ژن بە قژ بۆ دواوە ئەکێشێتەوە و ئەباتەوە نەك بۆ سەردەمی جاهیلی بەڵکە بۆ سەردەمی بەرد ، و ژنی کوردیش گەورەترین باج ئەدات ، ئەو ژنەی بە خوێنی شەهیدانی ڕێی ڕزگاری کوردستان ئەو بڕە مافەی لە چەند ساڵی دوای ڕاپەڕین بەدەستیان هێنا لە گۆڕینی چەند یاسایەکی مەدەنی بە بەرژەوەندی ژن ، ئەوانەشی لێ ئەسەنرێتەوە ، چونکە تەنانەت دەستووری حکومەتی کوردستان نابێت خاڵی جیاواز و ناکۆك لەگەڵ دەق و خاڵەکانی دەستووری عیراقیدا تیا بێت ، جگە لەوەی تەنانەت ئەو دەستکەوتانەش خۆی لە خۆیدا لە زۆر جێگای کوردستان هێشتا بەتەواوەتی کاری پێنەکراوە و ئەو گۆڕینانە پەسەند نەکراون ، ئیدی هەرگیز ئەوەندە گەشبین نیم بتوانرێ لە دەستووری عیراقدیدا هەر ناوی ببرێ...

لە دوورەوە نووسینی : ڤینۆس فایەق
Venusfaiq@yahoo.co.uk